# حوكمی كیف دانان بۆ ددانەكان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تلبيس الأسنان

« باللغة الكردية »

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی كیف دانان بۆ ددانەكان

**پرسیار** : بە بەرێزتان ڕادەگەیەنم من سەردانی پزیشكی ددانم كرد بۆ چارەسەكردنی دانەكانم، ئەم پزیشكە هەستا بە دانانی كیفی ئاڵتونی بۆ سە ردانەكان، ئایا دروستە كیفێك لە ئاڵتۆن بێت بۆ دانەكان دابنرێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گە ورە ومیهرەبان، وە درود و صە ڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .پاش ئەوەی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانسنی و فەتوادان بەووردی لەم بارەیەوە پرسیاری كرد لە كەسانی پسپۆڕ ئەو وەڵامەی دایەوە :

پیاوان دەتوانن كە دانەكانیان بە ئاڵتون بەیەكەوە گرێ بدەن، ئەگەر هاتوو پیویستی كرد بەوەها كارێك، چونكە دیارە ئاڵتون تایبەت مەندیەكی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەناو دەمدا ژەنگ ناهێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو مەبەست لەبەكارهێنانی ئاڵتون بۆ دانەكان تەنها جوانكردن و ڕازانەوە بێت، ئەوە بێگومان بەهیچ شێوەیەك دروست نییە، چونكە بەكارهێنانی ئاڵتون بۆ پیاوانی

ئوممەتی ئیسلام حەرام کراوە ، ئیمامی ئەحمەد و خاوەنی سوننەکان ڕێوایە تیان کردووە و ئیبن ماجە و حاکمیش بە فەرموودەیەکی صەحیحیان داناوە، کە ئیمامی عەلی ( ڕەزای خوای لێ بێت ) ئەگێڕێتەوە « أن النبي صلى الله عليه وسلم أخذ حريرا وذهبا فقال : هذان حرامان على ذكور أمتي ، حل لإناثهم » واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پارچەیەك حەریر و پارچەیەك ئاڵتونی بە دەستەوە گرتبوو، پاشان فەرمووی : ئەم دووانە لەسەر پیاوانی ئوممەتی ئیسلام حەرام کراوون، و لەسەر ئافرەتانی حەڵاڵن .

خوای گەورەش هەمووان سەرکەوتوو سەرفراز بکات، و صەڵاوات و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا و ئال و ئەصحابی بێت .

سەرچاوە : فەتواکانی لیژنە ی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان فەتوای ژمارە ( ١٥٣٧٥ ) .